کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-2-2007 15:28 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یەکەم هەنگاو هی کوڕ بوە نازی کچی هەڵگرتوە، تانامەیەکی داوەتێ توشی سەد دەردی کردوە ... ئیسماعیل کەریم

زۆر لە مێژە گوێم لەم گۆرانیە بوە، ئەو دەمان تەمەنم هەشت نۆ ساڵێک دەبوو، زۆر تامەزرۆی هۆنراوەکە و هەم ئاوازەکەش بوو ڕۆژانە لەبەر خۆمەوە لە قوتابخانە، لە ماڵ، شەوان هەتا چاوانم دەچوە خەوئەم گۆرانیەم دەوتەوە، تەواى هۆنراوەکەم لەبەر بوو، ، بەڵام گرفتی گەورەم ئەوەبووهەرچەند لێکدانەوەم دەکرد بۆ ووشە بە ووشەی هۆنراوەکە هێچی لێ تێنەدەگەشتم ئەو دەمانە، ، هەمێشە پرسیاریشم لە براو، خوشەک و، مامۆستای سروود، ومامۆستای وانەی کوردی، دەکرد مانای ئەم هۆنراوەیەم بۆ شی بکەنەوە، بەڵام بێ سوود بوو، ، چونکە ئەو دەمەی هەریەک لەو کەسانەی خەریکی شەن و کەو کردنی هۆنراوەکە دەبوون بۆم، بەجارێ دەمدانە بەر ڕێژنەی پرسیار، ، پرسیار وەک پەپولە پایزە تا دەهات زیادی دەکرد، بۆیە کەسی بەرامبەر هەر زوو پەتی ئارامی دەپساو دەیوت ئەڵا کە منداڵێکی زۆر بڵێی. !!!



مامۆستا ی سرود دەیوت. . . من نازانم بۆ یەکەم جار خۆشەوستی کەی دروست
بوو؟! لە کام کیشوەرەوە هاتە ناو ئێمە؟! یاخود لای ئێمەوە گوازراوەتەوە بۆ کیشوەرەکانی تر؟! بەڵام ئەوەند دەزانم لەوەتی مرۆڤ هەیە خۆشەویستیش هەیە، ، ڕەنگە پێش هاتنی مرۆڤ بۆ سەر ئەم گۆی زەویەش خۆشەویستی هەر هەبوبێت؟!
بەڵام ئەوەم لا روونە ئەم هۆنراوەیە دەست نیشانی سەرەتای خۆشەویستیمان بەوە بۆ دەکات یەکەم چونە پێشەوە ویەکەم داوا کردن لای کوڕ بوە، ،
کوڕ بوە هانای بۆ کچەکە هێناوە ئەو نامەی دەستی لێ وەر گرێ، ،
مامۆستا ئەو نامەیە چی تێدا نوسراوبوو؟؟؟
ڕۆڵە گیان. . ئەو نامەیە پەیامی خۆشەوستی ئەو بو بۆ کچەکە هەموو ڕازو ئەندێشەی شەوان و چرۆی حەزوئاواتەکەنی لەو نامەیە نابوو، ، ئەو نامەیە گوزارش بوو لە هەموو ئەو شتانە!!!
. بۆچی توشی سەد دەردی دەکرد ئەو کات نامەکەی لێ وەر دەگرت؟؟؟

ئافرەت مەخلوقێکی ناسکن دیاری خوای گەورەیە بۆ سەر ئەم زەمینە، ! کەواتە مافی ئەویان هەیە هەندێ ناز بەسەر پیاواندا بکەن!!!
مامۆستا تۆ دەڵێی ناز بەڵام هۆنراوەکە دەڵێ (دەرد) ؟؟؟
ئەڵاو ئەکبەر لە تۆ!!! ڕۆڵە گیان ئەوە ئەو شاعیرە تەنها لەبەر وەزن و کێشی هۆنراوەکەی وای نوسیوە!!! شاعیران هەروا دڵیان ناسکە ئەگین ئەوە نازە ئەو لێی بوەتە دەرد!!!
ئەگەر کچێک هەمان هەستی کوڕێکی هەبێت، ، کوڕەکەش هێندە (ناز) ە کەی تۆو (دەرد) ی شاعیرەکە دەکات بە سەر کچەکەدا تا نامەکەی لێ وەر دەگرێت؟؟؟
نەخێرررررررر نابێ و تا ئێستەش نەبوە، کچ نامە بە کوڕ بدا!!!
بۆ مامۆستا مەگەر هەردوکیان مرۆڤ نین؟؟؟
ئاخر ڕۆڵە گیان ئێمە کوردین، کلتورەکەمان ڕێگە نادات کچانمان ئەوە بکەن!!!
کلتوور چیە مامۆستا؟؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تۆ زۆرت پێیەو کەمی دەردەخەیت، من مامۆستای سرودم دەتوانیت پرسیارەکانت لە مامۆستای کوردی بکەیت، ببورە
مامۆستای وانەی کوردی
کلتور مانای چی مامۆستا؟؟؟
کلتور هەموو ئەورەفتارویاساو ڕێسایانە دەگرێتەوە کە سنور بەندی هەموو شتەکانی کۆمەڵگا دەکەن لە ئاستێکی دیاری کراودا، واتە هەموو میلەتێ خاوەنی کلتوری تایبەتی خۆیەتی، کلتور هەموو پرنیسیبەکانی کۆمەڵگا دەپارێزێت، هەموو مێلەتێکیش شانازی دەکات بە کلتوری خۆیەوە. . .
ئەی ئەگەر ئەم کلتورەی ئێمە مایەی شانازیە، بۆچی کچێک ناتوانێت نامەیەکی خۆشەویستی بدا بە کورێک؟؟؟
کوڕی خۆم ئێمەی کورد تەنها خاوەنی کلتوری کوردی خۆمان نین، بەڵکو پێک هاتەی کلتورێکی کوردی ئیسلامین، وە ئەوەی تۆش باسی دەکەیت حەرامە وسزای گەورەشی لەسەر دانراوە، !!!
مامۆستا وڵات هەیە خاوەنی تەنها کلتوری خۆیانن بن؟؟؟
بەڵێ وڵاتانی ئەوروپا خاوەنی کلتوری خۆیانن!!!
ئەی بۆ ئێمە کلتوری خۆمانمان نیە بە تەنها؟؟؟
لەبەر ئەوەی ئێمە گەلێکی موسڵمانین!!!
مامۆستا مەبستت چیە لە سزای گەورە؟؟؟
واتە ئەوەی گوێڕایەڵی خوای گەورە نەکات و لەم کلتورە ئیسلامیە دەرچێت خوای گەورە لەم دونیا سەرگەردانی دەکات و سزای دۆزەخیشی بۆ دەبرێتەوە!!! دۆزەخ چیە مامۆستا؟؟؟ئەو دونیایە چەند لێرەوە دوورە؟؟ چەند گەورەیە؟؟ بە چی بۆی دە چیت؟؟؟
هەستە بۆ دەرەوە بێ ئەدەب، بەیانی باوکت لەگەڵ خۆت بێنە ئەو کات وەرەوە قوتابخانە. !!!
ساڵ هات و ڕۆی خولیام تا دەهات زیادی دەکرد بۆ خوێندنەوەتێکستەئەدەبیەکان بە تایبەتی هۆنراوە، چەندین جار ئەم هۆنراوەیەم خستە ژێر میکرۆسۆبی بیرکردنەوەم بۆ بەدەست هێنانی وەڵامەکانی سەرجەم پرسیارەکانی مندالیم. . .»
بەڵام بێ سوود بوو
سەفەر کردنم بۆ یەکێک لە وڵاتەکانی ئەوروپا و نێشتەجی بوونم وەک هاوڵاتیەک، زۆر کار ئاسانی بۆ کردم بۆ تاوو توێ کردنی ئەم بابەتە، هەموو ماناو چەمک و ڕەهەندەکانی کلتورم ناسی، دۆزەخ وئیسلام وسزاوهتددد ناسی
هاوڕێ و دۆستی زۆرم بۆ پەیدا بوو سەر بە هەموو کلتورە جیاوازەکان، بە کچ و کوڕەوە بە جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیریانەوە، کەچی دیسانەوە هەندێ پرساری ئەم هۆنراوەیە بویە ماخۆلانم، یەکەم هەنگاو بۆ دەبێت هی کوڕ بێت؟ خۆ ئێرە نە کوردستانەو نە کلتوری ئیسلامی تێدایە و نە کەسیش بە دۆزەخ سزا دەدرێت؟ ئەدی بۆچی هەر کوڕ یەکەم هەنگاو هەڵ دەهێنێت؟ بۆ کچان توشی سەد دەردت دەکەن ئەو کات سوکە پەیمانێکت ئەگەر پێ بدەن؟؟؟
لە دڵی خۆمدا وتم ڕەنگە ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری کەسەکانەوە هەبێت، خانمیک گەر ڕۆشنبیر بێت بە ماناکانی ڕۆشنبیری، ئەوە بە دڵنیایەوە دەتوانێت ئەم بەرگە لەبەر خۆی داماڵێت و ئەم سنورە تێک بشکێنێت، خانمیکی ڕۆشنبیر دەمێکە چارەسەری ئەم نەخۆشیە سادیەی کردوە لە خۆیدا، ئەوە بوو کەڵکێکی چاکم وەر گرت لە بەرهەمی تەکنەلۆژیای سەردەم دونیای کۆمیتەری پێ ئاشنا کردم. کۆمیتەر بویە هاوڕیەکی هەمیشەیم، لەو ڕێگەیەوە توانیم پەیوە ندی لەگەڵ چەند خانمێکی نوسەر و شاعیر و هونەرمەند هتددددد دروست بکەم، کە زۆربەیان خاوەنی چەند
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەرهەمیکی چڕو پڕ و قەبارە گەورەی ئەدەبین!!! ڕۆژانە لە سایتە کوردیەکاندا بە بەردەوامی بابەت بڵاو دەکەنەوە، ، ،
زۆر جار لەگەڵ ئەو خانمانەدا لە چاتی (م. س. ن) یاخود لە (پاڵتاک) دەکەوتینە نوسین پێکەوەمن هەمیشە چەند ڕستەیەکم دەنوسی بۆیان کەچی نوسینەکانی ئەوان لە مەداری ئەم چەند ووشەیە تێ نەدەپەڕی (بەڵێ، ، وایە، ، کەی، ، چۆن، ، بەڕاست، ، دەستت خۆشبێت، ، هاهاهاهاهاهاها، ، سوپاس، ، هتددددد) بەڕاستی مرۆڤ دەکەوێتە گومانەوە کە ئەو هەموو نوسین و بابەتانە زادەی بیری ئەم خانمانە خۆیان بن، ئەگین کەی ڕەوایە بۆ خانمێکی ئەدیب هێندە دەستەو سان بێت بەم جۆرە ووشەو تێکستانە بەردەوامی بدات بە هاوڕێیەتی، ، ؟؟ یاخود دەیان جار دەتەوێت ئەو نامەیەیان بدەیتێ هەر وا بە سانای لێت وەر ناگرن هەتا توشی سەد دەردت نەکەن!!!
تۆ بڵێی ئەمانیش هەتا ئێستە هەر (ناز) ە کە بکەن کە مامۆستای سروود پێی ووتم؟؟؟
یاخود لە ترسی سزاکەی دۆزەخە کە مامۆستای کوردی بۆی باس کردم؟؟؟
یان دەیانەوێت هۆنراوەی ئەم شاعیرە بە درۆ نەخەنەوە، بۆ هەتا هەتایە نامە هەر بەدەست کوڕەوە بێت کچیش هەر دەردی بداتێ؟؟؟

ئەڵمانیا
halabjayi@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.